**_Kongreya Neteweyî ya Kurdistanê_**
_Kurdistan National Congress_
**_Congrès National du Kurdistan_**

KNK

**_Rue Jean Stas 41  1060  Bruxelles  tel: 00 32 2 647 30 84_**
**_Homepage:_** www.kongrakurdistan.net     **_e-mail:_** kongrakurdistan@gmail.com

## له ٨ی ئاداری ٢٠١٨ دا ژنانی کورد دەستکەوتی نەتەوەییان گۆڕی بۆ دەستکەوتی گەردوونیی

له کوردستان به بەشداریی چالاک و به خوێنی ئازادی ژنان له هەموو بەشێکی ژیاندا ڕێگا بەرەو کوردستانێکی ئازاد لێ درا. له هەندێک پارچەی کوردستان هۆگەلی سەرەکیی له پشت سەرکەوتن به سەر شەڕ و داگیرکەرییدا بەشداربوونی ژنانه به خوێن و به بەرپرسیاریەکی نیشتیمانییەوه. ئێستا ئەم ڕاستییه له بەرخۆدانی کانتۆنی ئافرین له ڕۆژئاوای کوردستان دەبینین. ئەوا ٤٥ ڕۆژە گەلی ئێمه له ئافرین بەرامبەر به درندەیی دەوڵەتی تورک و بەرامبەر به بێدەنگیی دەوڵەتانی پێوەندیدار له ناو بەرخۆدانێکی مێژوویی و پیرۆز دایه. ئەوە ٧ ساڵه ژنانی کورد له ڕۆژئاوا و باکووری سووریا به تێکۆشانی خۆیان له ئافرین بیناسازیی کۆمەڵگایەکی وای ئافراندووه که ئیدی ئەو کۆمەڵگایه به هیچ شێوەیەک له شکاندن نایەت. ئەم کۆمەڵگایه له ژێر بارودۆخی شەڕی گەورە و گرانی نەگریسی دەوڵەتی تورکدا بەرخۆدان دەکات و تێ دەکۆشیت.

ژنانی کورد له باکوور، ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان به چالاکیی و ڕێکخستن و تەڤگەری خۆیانەوه پشتگیریی له خوشکانی خۆیان له ئافرین دەکەن، چونکه ژنانی هەموو کوردستان سەرکەوتنی ئافرین به مستوەگەرکردنی ئازادیی خۆیان و ئازادیی ژنان و ئازادیی نەتەوەیی دەبینن.

هێزی داگیرکەرانیش دەبینن که کوردستان کوردستانی جاران نییه و پێشەنگایەتیی ژنانی کورد له کوردستانێکی ئازاد و دیموکراتیک دا له ناو ئاگری شەڕی سێهەمی جیهاندایه. ئەم تێکۆشانه له خزمەتی هەموو ژنان و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا یه. ئەو هێزانەی که تەنیا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان شەڕ بۆ سەرداریێتیی دەکەن، نه ئازادیی و دیموکراسییان به دەستی ژنان دەوێت و نه دەشهێڵن ژنان وەدەستی بهێنن.
نەک هەر له کوردستان، بەڵکو ژنانی کورد به ئەزموونی خۆیان له تیکۆشینی ئازادیدا ئیدی بوون به پێشەنگی پێناسه و ڕوونکردنەوەی دوو ئامانجی چارەسەریی بۆ مرۆڤایەتیی. پەیڤی وەکوو دیموکراسیی و ئازادیی له کوردستان بوون به خاوەنی ناوەرۆکێکی نوێ و جیاواز. له سەردەمی کلارا زێتکین دا ئازادیی ژنان گرێدراوی تێکۆشینی چینی کرێکاران و پرۆلیتاریا بوو. ئەوەش بەو مانایه دەهات که ئازادیی ژنان وابەستەی پیاوان بوو. لەبەرئەوەی هەم له لایەن هەبوونی دەرفەت و هەمیش له لایەنی ژیانەوه کرێکاران و پرۆلیتاریا به زۆریی هەم پیاوان بوون و هەمیش هەر وەکوو پیاو دەبینران. له کوردستان ئەم تیئۆرییەی سەد ساڵەی سەدەی بیست له سەرەتای ساڵانی سەدەی بیستویەکدا له بناخەوە گۆڕ درا. ئیتر دەبینین که ئازادیی و دیموکراسیی پیاوان و کۆمەڵگا گرێدراوی تێکۆشینی ژنانه.
لەبەر ئەوە مرۆڤ دەتوانێت بیژێت که تەڤگەری ئازادیی ژنانی کورد کەموکورتیەکەی سەد ساڵەی له تێکۆشان و خەباتی مرۆڤایەتییدا سەر ڕاست کردەوە. له کوردستان ئەم ڕاستیه سەلمێندرا.
له ناوەڕاستی پەیڤگەلی وەکوو ئازادیی، دیموکراسیی و وەکهەڤییدا ئەوا ئازادیی ژنان خاوەنی ڕۆڵێکی ناوەندییه. ئیتر ئەم ئەنجامه وەکوو ڕاستیەکی نوێ سنووری کوردستانیشی بڕیوە و خۆی گەیاندووەتە شوێنگەلی دیکه و بۆ مرۆڤایەتیی بووە به هیوایەک.
لەبەرئەوە له ٨ ی مارسی ئەم ساڵدا، ساڵی ٢٠١٨، دەتوانین پێ دابگرین که دەستکەوتی ژنانی کوردستان بوون به دەستکەوتی جیهانیی.
لەبەردەم ئەم ڕاستییەدا ئێمه به ڕێز و ستایشەوە خۆمان له بەردەم هەموو ئەو ژنانەی کورددا دادەنوێنین که به خەبات و تێکۆشانی نەبەردی خۆیان ئێمەیان گەیاندووەتە ئەمڕۆ.
ئێمه بێگومان وەکوو ژنانی کورد سەربلندین که تێکۆشانی کلارا زێتکین و هەموو ژنانی شۆڕشگێڕی دیکەی جیهان کەوتە سەر شانی ژنانی کورد ، ئەو ژنانەی که پێش چەندین هەزار ساڵ له کوردستان و له میسۆپۆتامیادا ژیانێکی ئازادیان له سەر بنکەی فەلسەفەی دایکسالاریی ئاوەدان کردبوو.
ئێمه له ٨ی ئاداری ٢٠١٨ دا ڕۆژی ژنان له ژنانی تیکۆشەر له ئافرین، له هەموو ڕۆژئاوا، له باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات و له دەرەوەی وڵات پیرۆز دەکەین.

کۆمیسیۆنی ژنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان/ ک.ن.ک
2018/03/07